وەزیری نەوتی عێراق: هەفتەی داهاتوو هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە



حەیان عەبدولغەنی وەزیری نەوت رایگەیاند، هەفتەی داهاتوو هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ هەرام ڕەکەوتوون کە بغدا ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە هەرێم وەربگرێت.

وەزیری نەوت رایگەیاند، سبەی شاندێکی وەزارەتی نەوت سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ دانوستان لەسەر میکانیزمی وەرگرتنی نەوتی هەرێم و هەناردەکردنی. لە ماوەی هەفتەیەکدا پرۆسەی هەناردەکردن دەستپێدەکاتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، بغدا ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە هەرێم وەردەگرێت.